(( دیاری کردنی بری زەکات و سەرفیترە و فیدیە بۆ سالی ٢٠١٩ ز ))

خوای گەورە دەفەرموێ ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ....فَسۡـَٔلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلذِّكۡرِ إِن كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ﴾ النحل : ٤٣

ئەنجومەنی بالای فتوا لە هەرێمی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی خۆی لە ٢٠١٩/٤/٣٠ گفتوگۆی کرد سەبارەت بە دیاری کردنی بری زەکات وسەفیترەی مانگی رەمەزانی پیرۆز بۆ سالی ٢٠١٩ی زاینی، دوای گفتوگۆیەکی تێرو تەسەل لەم بارەوە و ڕاوێژ لە گەڵ کەسانی پسپۆر لە کاری بازار و فرۆشتنی دانەوێلە،گەیشتینە ئەم ئەنجامەی خوارەوە :

یەکەم: بری زەکات : ئەنجومەنی بالای فەتوا لە هەرێمی کوردستان بریاری دا کە بۆ دەست نیشان کردنی ( نصاب) بری زەکات، مەبلەغەکە بریتیە لە (٢ ٥٠٠ ٠٠٠ ) دوو ملیۆن و پێنجسەد هەزار دیناری عیراقی، واتە : هەر هاولاتیەك برِی دوو ملیۆن و پێنجسەد هەزار دیناری عیراقی هەبێت و سالی بەسەردا سورابێتەوە ئەوا پێویستە لە هەر ملیۆنێك بری بیست و پێنج هەزار دینار زەکات بدات.

دووەم: بری زەکاتی سەرفیترە: بە خەختکردنەوە لە فەتوای پێشومان ژمارە ٩ لە ٣/ ٥/ ٢٠١٧، کە پارە بدرێت لە بری قوت بە پێی مەزهەبی ئیمامی ئەبوحەنیفە و زانایانی دواینی مەزهەبی ئیمامی شافیعی، ئەوا بە ڕای زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنی فەتوای هەرێمی کوردستان بڕی ( ٢ ٥٠٠ ) دوو هەزار و پێنج سەد دیناری عیراقی وەك بری زەکاتی سەر فیترە دەست نیشان کرا لە جیاتی هەر نەفەرێك، وە هەر کەسێکیش توانای دارایی باش بێت و بتوانی زیاتر بەخشیت بێگومان چاکترە.

سێیەم: فیدیەی رەمەزان : ئەوەی فیدیەی کەوتۆتە سەر ئیتر بە هۆکاری پیری یا نەخۆشی یاخود سکپری و شیردان وەیا هەر عوزرێکی تری شەرعی بێت ، ئەوا پێویستە فیدیەی بدات، وە بەپێی مەزهەبی ئیمامی حەنەفی ( فیدیە و کفارە) وەك یەك وایە ، بۆیە بۆ هەر رۆژێك بری ( ٢ ٥٠٠ ) دوو هەزار و پێنج سەد دیناری عیراقی وەك بری زەکاتی سەر فیترە دەست نیشان کرا لە جیاتی هەر رۆژێك، کە بۆ تەواوی مانگی رەمەزان دەکاتە ٧٥٠٠٠ حەفتا و پێنج هەزار دینارە.

چوارەم- سەبارەت بەو هاولاتیانەی کە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەژین، ئەوا لەو ولاتە بری چەندیان دیاری کرد بۆ سەرفیترە ئەبێت ئەو ئەندازەیە بدات، وە دەتوانێت لەکوردستانیش وەکیل بگرێت بەپێ ی ئەو برەی کە لەو ولاتەی تێیدا ئەژیت بۆی بدەن، وە ئەگەر لە ولاتانی رۆژئاوا دەژیا بری سەرفیترە لەو ولاتە دیاری نەکرا بو وەیا نەیئەزانی، ئەوا دەتوانێت بۆ هەر نەفەرێك لە ١٠٠٠٠ دیناری عیراقی کەمتر نەبیت بدات. ... والله سبحانه وتعالى أعلم

ئەنجومەنی بالای فەتوا لە هەرێمی کوردستان
٣٠ ی نیسانی ٢٠١٩ ز / ٢٤ ی شەعبانی ١٤٤٠ ك